# سەمای شەوێك لەدۆزەخدا

دیارمحمد
Deyar_mahamad@yahoo.com



تۆ تەمنداڵیەوە سنگت پڕبو لە ئایەتە کورسی و
ئەوان سەرا پا لەشیان پڕە بولە وشەی قەدەر
ئێمە ئەڕۆین و ئەوان لە شوێن پێکا نماندا سەمادەکەن
و دەیسڕنەوە
لەڕیگا منداڵك بەدەم گریانەوە
مەمکی هەورێ دەمژێ و
ئێمەش دەمان بۆی ئاودەکات
ئەوان تینوێتیان بەئێمە ناشکێ و
ئێمەش لیۆمان بەوشەی مردندا هەڵ ئەخەین
ئەمەوێت بەدەم حیکمەتی گەلاێیەکتەوە زیکر بکەم
کە ئەمدەیتێ
و خۆت لەڕوتیدا لیّم ئەشاریتەوە
مەرگ ئێوارەی شین کرد و
ئێمەش بەو ئێوارەیەدا دەگوزەرێین
ئەی تۆ پەلێك بهاوە بەرەو ڕەییان
ئەی تۆ پەلێك لە من بئاڵێنەو بمگەرێ
ئێوارەمان تەواو کردو تەواو نەبوو
درەختێك لەئێمەوە سەوز دەبێ
بەدەم لەرینەوەی گریانەوە
مەست تر دەبێ
تا ئەو ساتەی لە شێوەتا دەبێتە
ئایەتێکی حەزین
بە دەم خەوێکی بڕسکاوەوە
منداڵکەلەبەهەشتمەوە دێتە خوار
لە دەست پێکردنەوەوە ئەڕوانی
بەرەو لاکێکی بۆگەن بەبێ ڕزین
بەبێ هەناسەی ماچی فریشتە وون بوەکان
بەبێ تارمای ئەو ژنەی کەلە ئەجەلەوە
مەمکی لە شێوەی دایکمەو ستیانی

لەشێوەی خۆشەویستیدا سور ئەچیتەوە

ئێمەش چاومان لە ئێوارە و

شێوێن پێکانیەتی

تا دەگەینە قاچی ڕوتی

ئەویش بەدەم کۆنکەنی

ڕابردویەکی دوڕاوەوە

سەر لەشێوەی پاساریەکیەکدا ڕدەوەشێنێت

ئەڵێی لەزستانێکەوە هاتووە

بەدەم دوکەڵی ڤیتارێکەوە نەفەس

لەبونی ئەخواتەوە

ئەی تۆ شەرم لە ئێستات بکە

کەدەڕۆی

بەرەو نەبونی خەوێك و

لەدایك بونی هە نجیرێك

کە بە کاڵی ڕەنگی لە ئاسمانێکی تە پیو ئەچیّ

من دەڕۆم و ئەوان شوێن پێکانم هەراج دەکەن

ئەوان دێن و گەلآیەك مان ئەنفال دەکەن

تا لەحەرفێکتەوە نزا بکەم

ئەی تۆ

وشەکانم لەلاتیندا سوور هەڵگەڕاون

لە شینای ئاسمانتەوە خۆم دەبینم

بەبێ گونە

پە نجەکانم دەپروێن و

چاوەکانم گەڕاوەیەکی

تیات دروست کرد

ئەمەوێت تەختەیەك بۆپۆلەکەت دروست بکەم

تا ئەوان بەفیزەوە وانەی ڕەشی تیا فێربن

ئەمەوێت تەختەکەم وەسێت بێت

بۆ منداڵە عاشقەکانت

تا لە گەڕانەوەمدا منداڵە

قۆپی چیەکان بدۆزمەوە

کە ناتوانم بیان بینم

ئەمەویت بە سالیکتا هەلدیرم
تا بچمە سالیکی نویتەوە .
ئەوان ناهیلن گومڕای بەسەر مندا ڕادەخەن و
ئەلقەی شەویکی ڕەش
دەخزینە پە نجەی‌شەویکی شومەوە
تا لە باوەشی بەدمەستیدا ڕۆژ نەکەمەوە.
ئیمەش بەڕەش وسپی
دۆلفینکدا تیدە پەڕین
کە سەراب سەراب وشەی تالیان تیام دۆزیەوە
تۆش لەگەل وانەی بە عەشق بونیکی‌تردا ڕۆدەچیت
لەڕابردوی وەهمیکەوە چاودەگیڕییە ئارەزوە ژەنگ
گرتوەکانی ئەم وەرزەما
تۆ دەلیی عەشق مردوە و
منیش لەتۆ تەزیوترم
ئەوان لەمندا قەف دەخۆن و
بە دەم ئاوازی بۆقیلەیەکی
بی نازەوە دەقیڕنی و
خۆی لەسیمای ژنیتیدا دەبینی
کەنازانی
شوکردنی ئەم ئیوارەیەی چۆنیە
من نامەویت چیرۆکی تەواوبی و
چیرۆکیکیش نەبەزیت
زەردە ماریك لەخواردنی من تیرنابی و
منیش لەخواردنی
بیچوەکانی تیر نابم
نامەویت کتیبەکەم بخەویت
ئەزانم ئەمشەو جیت دیلم
نامەویت قەسیدە بڕواو
زمانیش لە بیشەی تۆدا بمری
نامەویت شوشەی بۆنەکەم
نەگری و ئاوینەکەت
بە چلەی ئەم بە عەشق بونەم نەبزانیت

نامەویت, نا, نا, نا.

ئەمەویت بەدزی حەرفیکتەوە بڕۆم

ئەمەویت ببمە پۆست بەری

ئەم زستانەت و

ئیتر نەزانم نامەکانت ڕەنگیان چۆنە

ئیتر نەزانم وشەکانت بەچ ڕەنگیکی

ئەم عەسرەدا ڕیگا دەبڕن

تا لەساتیکدا بتفرڕنم بەرەو

ئاسمانەکانی حەزم

کە پڕن لە هەسارەی مردو

لەستیکدا دەمەویت بتخنکینم

کە باوەشت لە باوەشی ئەواندایە و

بە ناوی منیکی ترەوە

باوەش بە نەزانیدا دەکەی

ئەی حەق گلەی لە تاوانم مەکە

ئەوان بەمردوویش

زینا بەڕوخساری بەهەشتمەوە دەکەن ..